

# بەرجەستەکردن لە شێوازەکانی شانۆی نۆژەندا

لێدوانی: جوان حوسێن
(سلێمانی)

بەرجەستەکردن لەشێوازەکانی شانۆی نۆژەندا ناوی کتێبێکی (١١٥) لاپەڕەیی شانۆکاری دوورە وڵات (سیروان ڕەحیم)ە و لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمەوە لە ساڵی (٢٠٠٢)دا لە سلێمانی چاپ کراوە.

دیارە چاپکردنی بابەتی شانۆیی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا شتێکی پڕ بایەخە، چونکە لە کاتێکدا تا هەنووکە چەند دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوە سەرقاڵی چاپکردنی بەرهەمی نووسەران و ڕۆشنبیرانن، بەڵام بەداخەوە ژمارەی ئەو کتێبانەی کە لەسەر شانۆ چاپ کراون بە پەنجەکانی دەست دەژمێرێن.

دیارە ئێمە تەنیا مەبەستمان چاپ کردن نییەو بەس، چونکە بە درێژایی ئەم چەند ساڵە دەیان کتێبی لاوازو کرچ و کاڵیش بەناوی لێکۆڵینەوەی شانۆیی و ئەزموونی شانۆییەوە چاپ کراون، بەڵام هیچیان نەیانتوانیوە لە گوتاری شانۆوە نزیک ببنەوە.

ڕەنگە ئەم ئەرکە بەدەرەجەی یەک لەسەر ئەو وەرگێڕانە بێت کە زیاد لە زمانێک دەزانن و دەتوانن ئەزموون و شاکاری شانۆیی وەرگێڕنە سەر زمانی کوردی بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت لەگەڵ ڕەوت و بزاڤی چاپکردنی بەرهەمە ڕۆشنبیری و ئەدەبییەکان بابەتی شانۆش هەنگاو بنێت...

ئەم کتێبەی کە ئێستا لەبەردەستماندایە ئەزموونی چەند ساڵەی نووسەرەو سەرچاوەی کتێبەکەشی گەڕان و بەدواداچوون و ئەو ڕیپۆرتاژانەیە کە خۆی لەسەر ئەو بابەتە بە ئەنجامی گەیاندووە...

کتێبەکە لە حەوت بەشی سەرەکی پێکهاتووە لەگەڵ پاشبەندێکی وێنەیی و لە دوا لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا (بەختیار عەلی) پاشەکییەکی کورتی نووسیوە و لە پەڕەگرافێکیدا دەڵێت:- «ئەم کتێبەی سیروان شاهیدێکی ئەو ڕاستییەیە کە هەوڵێکە بۆ سەفەرێکی خێراو زیندوو بەناو بەشێک لە شانۆ گرنگەکانی دنیادا، سیروان لێرەدا ڕوویەکی دیکەی ئەکتەرو دەرهێنەری کوردمان نیشان دەدات کە پێشتر ئێمە پێی ئاشنا نەبووین، ئێمە هەمیشە شانۆگەری و شانۆکارانمان لە ڕێگەی کتێب و ڕۆژنامەوە ناسیوە، بەڵام ئەوەی شانۆکاری کورد خۆی لە سەرچاوەکان نزیک دەبێتەوە خەونێکی گران بووە، لەم کتێبەدا سیروان ترپەکانی ئەو گەشتەی خۆی بەشانۆکاندا بۆ ئێمەش دەگوازێتەوە، شانۆکارێکی کورد کە هەلی ئەوەی بۆ ڕەخساوە ئەو دیو دەرگا داخراوەکانی قەڵای شانۆی ئەورووپی ببینێت و ئێمەش دەکاتە هاوڕێی ئەو گەشتە، شانۆ تەنیا ئامادەبوون دروستی دەکات، هەموو لە یەکترازانێک بۆ شانۆ وەک مردن وایە... تاد»

(بەرجەستەکردن لەشێوازەکانی شانۆی نۆژەندا) ڕەنگە وەک کتێبێکی میتۆدی و ڕەخنەیی قووڵ تەماشا نەکرێت، بەڵام هێندە هەیە هەوڵێکەو شانۆکاری کورد چەندین ئەزموون و شانۆی دنیای بەسەرکردۆتەوەو لە نزیکەوە بەو هەوڵانە ئاشنابووە، کە ڕەنگە ئێمەی شانۆکاران تەنیا لە ڕووپەڕی ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا و بەچەندین دەستی وەرگێڕان ئینجا بەسەرەتایەک لەو ئەزموونانە گەیشتووین، بەڵام ئێستا ئەم شانۆکارە بەو ئەزموونانە گەیشتووەو دەیەوێت لە چوارچێوەی خۆی دەربچێت و تێکەڵ بە ئەزموونە باڵاکانی شانۆی ڕۆژئاوا بێت.

لە (گەڕانی ڕەنگاڵەیی)دا نووسەر باس لەو هەوڵە خەونئامێزانەی خۆی دەکات لەسەرەتاکانی خەونبینین و گەیشتن بەو بزاڤ و جووڵە شانۆییانەی کە لە ڕۆژئاوا جێی گرنگی پێدانی ناوەندە



هونەری و دەزگا ڕۆژنامەگەرییەکانن، هەر بۆیە ئەو هەوڵانەی سەرەنجام بەم کتێبە کۆتایی هات.

زۆرێک لەو ئەزموون و پرۆژە هونەرییانەش کە باسی لێوە دەکات لە وڵاتی ئیتالیایە، ئیتالیای ئێستاو ڕۆمای مێژوو ئەو وڵاتەی کە بوو بەدووەم شارستانێتیی مرۆڤایەتی، وەک دیارو ئاشکرایە (ڕۆما گریک) دووکۆڵەکەی زۆر پتەوی شانۆن لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، بۆیە لەو گەشتە هونەرییەیدا نووسەر سەرجەم تێبینی و چاوپێکەوتنەکانی لە تەک دەرهێنەرانی شانۆکاندا ئەنجام داوەو ئەمەش بووەتە هەوێنێکی بەهێزی ئەم کتێبە.

لەبەشی «لە پای گۆڕینی جیهانی باودا، عیشق و دەسەڵاتی جەستە»دا لە ئەهمیەت و بایەخی جەستە دەدوێت لەو ئەزموون و شانۆ مۆدێرنانەی کە ئەو لە ئەوروپا بینیویەتی..

ڕەنگە زۆرجار ئەو پرسیارگەلە بەمێشکماندا هاتبێت کە بڵێین ئەفسوون و گرنگیی جەستە لەچیدایە کەوا زۆرێک لە بیروباوەڕو ئایدیۆلۆژیاو پەیامە ئینسانی و میتافیزیکییەکان جەستەیان بەسەنتەری زۆر شت داناوە؟

دیارە جەستە هەڵگری خوێندنەوەو شیکاری ئاڵۆزە، بۆیە بۆتە مایەی تەفسیری جیاواز، چونکە زۆرجار جەستە بکەری کرداری نێگەتیڤەکان و زۆر جاریش جەستە گوزارشتی هەموو کردارە نهێنییەکانی مرۆڤە، هەر جەستەیە گوتاری شانۆ لە ڕیتواڵێکی ناوچەییەوە دەگوازێتەوە بۆ گوتارێکی جیهانی، سەیر نییە کاتێک دوو ئەکتەر بەتەنیا ئاخافتن لەسەر شانۆ دەکەن، ڕەنگە تەنیا ئەو بینەرانە لەو دوو ئەکتەرە بگەن کە لەو زمانە دەگەن، ئەگینا کەسانی بیانی هەرگیز ناتوانن لەو دیالۆگە بگەن، بەڵام کاتێک ئەکتەر لە گوزارشتێکی سەما ئامێزدا یان لە دیمەنێکی گوزارشتکاری بەجەستە، لەوکاتەدا هەموو سنوورەکانی زمان دەبڕێت و دەگاتە دواترۆپکی ماناو گوزارشت، لێرەوە هەموو بینەرێک بەپێی جیاوازی هۆشیارییان بە هەموو نەتەوەو زمانێکەوە لەو ئەکتەرە دەگەن، دیارە ئەمەش لە ڕێگەی زمانی جەستەوە دەگات، نەک زمانی ئاخافتن، چونکە زمانی جەستە زمانێکی گشتگیرترە..

* ئەی سیحری ئەو جەستەیە لە کوێدایە؟
* بۆ هەموو ئەکتەرێک بۆ گەیشتن بەوی دی هەوڵی مۆنۆپۆلی جەستە دەدات؟
* بۆ مەرجی سەرەکیی ئەکتەری کارا لە جەستەی کارادایە؟
* بۆ هەر ئەکتەرێک جەستەی بە باشی بەکارنەهێنێ بە ئەکتەرێکی لاکەوتە دەژمێرێت؟

دیارە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەمانگەیەنێتە فەزایەکی فراوان لە مانا گرنگەکانی جەستە، چونکە جەستە هۆکارێکی زۆر گرنگە بۆ ئەکتەر بۆ ئەوەی ئەو مەبەستانەی کە خۆی هەیە بە فەنتازییەک بەوی دی بگەیەنێت (جەستەو دەنگ) دووناسنامەی زۆر گەورەی ئەکتەرن.

هەر ئەکتەرێک نەزانێت جەستەی خۆی بەکاربهێنێت، ئەکتەرێکی مردووە، ڕەنگە ئەو قسە بەناوبانگەی (ئانێت هێنمان) بەس بێت بۆ کۆتایی هێنان بەم پەرەگرافەی نووسینەکەمان کە دەڵێت: «زۆرجار مرۆڤ دەتوانێت لەگەڵ شتەکانی تردا درۆ بکات، بەڵام ئەو دەمەی ئەکتەرێک لەگەڵ جەستەی خۆی درۆ دەکات، ئیدی هەموو شتەکان کۆتاییان دێت» لە بەشێکی تری کتێبەکەدا نووسەر باس لەو سەردانەی خۆی دەکات کە لە مانگی تەمووزدا کردوویەتی بۆ شارۆچکەی (ڤۆلتێرای هەرێمی تۆسکانا) لە وڵاتی ئیتالیا، کە لە چوارچێوەی فیستیڤاڵی ساڵانەی ئەو هەرێمەدا چەندین شانۆگەریی بینیوە کە بە بەرجەستەکردن و ستایل هەمەجۆر بوون، زۆرێک لەو ستایل و میتۆدانە بەهەموو هۆکارەکانی گوزارشتەوە جیاوازن، بەتایبەتی زمان، چونکە زمان هۆکارێکی گرنگە بۆ پەیبردن بەنهێنییەکان و هۆکارێکیشە بۆ پەیوەندیی ئەکتەر بەوی دییەوە.

زمان ئامرازێکە بۆ جیاوازبوون، هەروەک ئاماژەی پێ دەدات کە ئەو شانۆگەرییانەی پێشکەش کراون بە زمانی ئیتالی بوون، بەڵام بینەرەکان ئیتالی نەبوون و سەربەنەتەوەیەکی جیاوازبوون و ڕەنگە بەهیچ شێوەیەکیش ئیتالی نەزانن...

بەڵام وەک وتمان گوزارشتی جەستە لە هەموو گوزارشتەکانی تری مرۆڤ بەهێزترە بۆ پەیوەندی کردن بە بەرامبەرەوە بەتایبەتی ئەو هۆکارە بەهێزەی جەستە خاڵێکی هاوبەشە لەنێوان هەموو مرۆڤەکانی سەر ڕووی زەمیندا!!

مرۆڤ لەکاتێکدا دەتوانێت لە شانۆی



(كرۆتۆفسكی)دا كار بكات كە لە هەلومەرجی ژیانی خۆی خۆشحاڵ نەبێت، كە مرۆڤ لە ڕەوشی ژیانی خۆی خۆشحاڵ بوو ناتوانێت دەست بداتە كارێكی وا دژوار..

## كرۆتۆفسكی

كرۆتۆفسكی تا ئێستاش بەیەكێ لە قوتابخانەو دەرهێنەرو میتۆدە باڵاكانی هونەری شانۆ دادەنرێت لە جیهاندا كە توانیویەتی بەشێوازێكی زۆر تایبەت و هەمەلایەنە لەگەڵ ئەكتەردا كاربكات... كرۆتۆفسكی تا ساڵی (١٩٩٩) كە كۆچی دوایی كرد بەردەوام وەك ستایلێكی كراوەو دەوڵەمەند لەشانۆدا دەبینرا، بەڵام بە مردنی ئەم دەرهێنەرە ئیدی كۆتایی نەهات بە میتۆدی شانۆی (هەژار) كە كرۆتۆفسكی دامەزرێنەری بوو، بەڵكو (تۆماس ڕیتشارد) و ئەندامانی (مەڵبەندی كار) درێژە بەو شێوازە شانۆییە دەدەن كە كرۆتۆفسكی نەخشەڕێژی بووە، دیارە قسەكردن لەسەر شێوازو كاری كرۆتۆفسكی لەم چەند لاپەڕەیەدا كۆتایی نایەت، بەڵكو پێویستی بە قسەگەلێكی بەرفراوانتر دەبێت چونكە كرۆتۆفسكی لەزۆرێك لەبیریاران و دەرهێنەرانی شانۆی هاوچەرخ قووڵترو بەرفراوانتر لە ڕەگەزە گرنگەكانی شانۆ دواوە بەتایبەتی ئەكتەر، هەر بۆیە ئەكتەر لای كرۆتۆفسكی پێویستی بەتواناو قودرەتێكی زۆر بووە تا بتوانێت لە شانۆی (هەژار)دا كاربكات شانۆكەی كرۆتۆفسكی زۆر هۆشیارانەو بەشاوڵی لەسەر ئەكتەر ئیشی دەكرد ئەوەتا (تۆماس ڕیتشارد) خۆی دەڵێت ئێمە كردەی شانۆی وامان هەیە كە دووخولەكە، بەڵام ئێمە لە پرۆڤەدا ئەم دووخولەكە نزیكەی دوومانگ پرۆڤەمان تێدا كردووە، بێگومان ئەمەش ئەو پەڕی وردبینی و بەسەلیقەیی نیشان دەدات لە مامەڵەكردن لەگەڵ پرۆڤەی شانۆییدا.



هەموو ئەم ئەزموونانە ڕەنگە بۆ ئێمە بچێتە چوارچێوەی سیستەمێكی زمانەوانی میتۆدییەوە، بەڵام جوانی و گەورەیی ئەم پرۆژەیە لەوەدایە نووسەری ئەم كتێبە لەوڵاتی ئیتالیا خۆی هەموو مەشق و ئەزموونە پراكتیكییەكانی ئەم گرووپە شانۆییەی بینیوە، هەروەك لەسەرەتاشدا ئاماژەمان پێدا كە شانۆ زیاد لە هونەرەكانی تر پێویستی بە ئامادەبوون و پرۆسەی بینین هەیە، چونكە ئێمەی شانۆكاران زۆرێك لە میتۆدو ستایلە شانۆییەكانمان تەنیا لە ڕێگەی نووسین یان وێنەوە بینیوە، بێگومان ئامادەبوون و بینینی نمایش و شانۆ كە خۆی لە خۆیدا وێناكردنەكە بەهێزتر دەكات....

لە بەشێكی تردا نووسەر هەڵوێستە لەسەر شانۆی سیاسی و ئەزموونەكانی (بسكاتۆر) و (ژودێت مالینا) دەكات، كە وەك دوو ئەزموونی دیاری بواری شانۆی ڕامیاری دەردەكەوێت بەتایبەتی (ژودێت مالینا) كە سەرەتای ناوبانگ دەركردنی تەنیا بەرلین بوو، بەڵام دواترو دوای ئەوەی كۆرسی دەرهێنانی شانۆیی خوێندن و چوونە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا، ناوبانگی هەموو كیشوەرەكانی دنیای بڕی و بوو بە ناوێكی دیاری بواری شانۆ.

ئەم ئەزموونە شانۆییە، چونكە زیاتر لە چەمكە سیاسییەكەو بارودۆخی كۆمەڵایەتیی كۆمەڵگە نزیك دەكەوتەوە، زیاتر لە بینەران نزیك دەكەوتەوە، چونكە بابەتی نمایشەكانیان، سەرەتا وەك بیرۆكەو دواتر بەهاوكاری و دەستە جەمعی بونیاد دەنرا.

لە بەشێكی تردا كە ئەو بەشانۆی ڕۆژنامەوان ناوی دەبات، لەم ئەزموونانەدا بەشێك بە (شانۆی شاراوە) ناودەبرێت كە لە شاری (ڤۆڵتێرا)ی وڵاتی (ئیتالیا)یەو دەرهێنەرو بەڕێوەبەری شانۆی شاراوە ژنە شانۆكار (ئانێت هێنمان)ە كە ژنێكی بەڕەگەز هۆڵەندییەو لەسەرەتای هەشتاكانەوە لە ئیتالیا دەژی.

ئەزموونی شانۆی ڕۆژنامەوان، ئەزموونێكی ناباوە لە دنیای شانۆدا لەم ئەزموونەدا دەق بە مانا باوەكەی هیچ بوونێكی نییە، ئەمان نایەن دەقێكی تایبەت هەڵبژێرن، كە نووسەرێك نووسیویەتی یان ئامادەی كردووە، بەڵكو گرووپەكە بە ئارەزووی خۆیان دێن تەرحی گرفت و كێشەیەك دەكەن و دواتر ئەم ئەكتەرانە دەبنە شكڵێك لە ڕۆژنامەوان و ڕیپۆرتاژی تایبەتی لەسەر ئەو بابەتە ئامادە دەكەن، ئیدی دەق لەو بەرهەمە پێكدێت كە ئەوان لە ئەنجامی گەڕان و پشكنین بەرهەمیان هێناوە.

چەند ئەزموونێكی ئەم جۆرە شانۆییانەشی بە نموونە هێناوەتەوە لەوانە: (كوردستانی دوور، سەبری ئەیووب، پەیژەی هەژاری) دیارە شوێنی نمایشكردن لەم نمایشانەدا دەگۆڕێت و ڕووبەری شانۆ تەنیا هۆڵەكان نییە، بەڵكو سەر شەقام و شوێنە گشتییەكان و سووپەرماركێت و بازاڕەكانە... تاد.

دیارە فەلسەفەی ئیشكردن لەم شوێنانەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بینینەی كە شانۆ ببرێتە هەموو شوێن و قوژبنێكی دنیا، بەتایبەتی ئەم جێگایانەش شوێنی هەموو چین و توێژەكانی كۆمەڵن و شانۆش مەبەستییەتی لەو وەتەرە گرنگەی ژیان بدات..

لە خۆڕاش نییە كە ئەم ئەزموونە شانۆییە بەشوێن زمانێكی سادەو ساكاری ڕۆژانەدا دەگەڕێت، هەر لەبەر ئەمەشە ناوی (ڕۆژنامەوان)ی هەڵگرتووە كە زمانەكەی زمانێكی ڕۆژنامەییەو ئەكتەرەكانیش لەشكڵێك لە ڕۆژنامەوانی دەچن و تا هەنووكەش چەندین تیپ و گرووپی شانۆیی لە جیهاندا بەم شێوازە كاردەكەن.. ❖